وەزارەتی کار و کاروباریی کۆمەڵایەتی عێراق بڕی 100 هەزار دینار بۆ مووچەی کرێکارانی خانەنشین زیاددەکات

وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی،ئەمڕۆ چوارشەممە،رایگەیاند بڕی 100 هەزار دینار بۆ مووچەی کرێکارانی خانەنشین زیاددەکات.

وەزارەتی کار لە بەیاننامەیەکدا بڵاویکردەوە: ”ئەحمەد ئەسەدی وەزیری کار و کاروباری کۆمەڵایەتی بە بۆنەی ڕۆژی جیهانی کرێکارانەوە مژدەیەکی خۆش دەبەخشێتە کرێکارانی خانەنشین، بە زیادکردنی مووچەکانیان بە بڕی 100 هەزار دینار“.

ئاماژەی بەوەشکرد، "بڕیاری زیادکردنی مووچەی خانەنشینکراوان لە دانیشتنی ئەنجومەنی وەزیران لە هەفتەی داهاتوودا دەنگی لەسەر دەدرێت".